# سیمۆن دی بۆڤوار

سازدانی: مەدیلین گابێل - پاریس ڕیڤیو

## زۆربەی بیروباوەڕەکانم هی خۆمە و جیاوازن لە بیروباوەڕەکانی سارتەر



لە فارسیەوە/ ئەرسەلان حەسەن



سیمۆن دی بۆڤـوار لـە نـۆی حوزەیرانـی 1908 بـە نـاوی سـیمۆن ئارنستین لوسـی مـاری بێرتراند دی بۆڤـوار، لـە خێزانێکـی چینـی مـام ناوەنـدی بـۆرژوا لـە پاریـس لـە دایك بـووە. كاتێـك سـیمۆن تەمەنـی دوو سـاڵ نیـو بـووە، هۆڵـن (پاپـت)ی خوشـكی هاتۆتـە دنیـاوە. باوكـی بـە شـاكارە ئەدەبیەكانـی ئاشـنا كـرد، كـە زۆر هۆگـری شـانۆ بـوو، هـەر ئەویـش لـە منداڵییـەوە سـیمۆنی هانـدا بـۆ كتێـب خوێندنـەوە. سـیمۆن تـا حەڤـدە سـاڵی، چـووە قوتابخانـەی تایبەتـی كچانـەی كاسـۆلیك. لـە حەڤـدە ساڵیدا بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ، واتـە تـا ئەوكاتـەی چـووە سـۆربۆن، لـە دامـەزراوە جـێ متمانـەكان تاقیكردنـەوەی بیـركاری، ئـەدەب و زمـان، ئەدەبـی فەرەنسـا و لاتینـی داو بڕوانامـەی بـاڵای وەرگـرت. سـاڵی 1927 لـە سـۆربۆن فەلسـەفەی خوێنـد و بڕوانامـەی باڵای مێـژووی فەلسـەفەی گشـتی، یۆنانی و لۆژیك و سـاڵی 1928 بڕوانامـەی بـاڵای زانسـتی ئـاكار و سۆسـیۆلۆجی و دەروونناسـانەی وەرگـرت.

سـیمۆن دی بۆڤـوار خوێنـدكاری فەرمـی زانكـۆی بـەرز نەبـوو، بـەڵام بـە شـداری پۆلەكانـی كـرد و لـە بیسـتویەك سـاڵیدا لەگـەڵ سـەركەوتنی لـە ئەگرگاسـیۆنی فەلسـەفەی زانكـۆی بـەرز، توانـی ناونیشـانی گەنجتریـن مامۆسـتای فەلسـەفە تـا ئـەو مێـژووەش بـە دەسـت بێنێـت.

هـەر لـەو زانكۆیـە بـوو سـارتەر و هـاوڕێ نزیكەكانـی، (ڕینیـە ماهیـو و پـۆڵ نیـزان و سـارتەری) ناسـی كـە بوونـە هاوڕێـی دێرینـە و هاوڕێیەتـی و پەیوەنـدی بـە سـارتەرەوە وەك پەیوەنـدی دەگمـەن لـە مێـژوودا ئەژمـار كـراوە. سـاڵی 1931 تـا 1943 لـە دواناوەنـدی خەریكـی گوتنـەوەی فەلسـەفە بـووە .سـاڵی 1941 كـە پاریـس داگیركـرا، دەوڵەتـی نـازی، (سـیمۆن دی بۆڤـواری) لـە كارێكـی لابـرد و سـاڵی 1943 بـە هـۆی ناڕەزایەتـی بـاوك و دایكـی ئۆلـگا كوسـا كیویـز لـە كاری دووەمیشـی دەركرا.

بۆڤـواری سـاڵی 1941 تـا 1943، سـاڵەكانی داگیركردنـی پاریـس، (خوێنـی ئەوانـی دیكـە)ی نووسـی كـە بـە گوتەیـەك لـە ڕۆمانـی ئەزمونگـەرا ئەژمـار دەكرێـت و وەك یەكێـك لـە گرنگتریـن ڕۆمانەكانـی ئەگزیستانسـیالیزمی بەرگـری فەرەنسـا نـاسراوە.

سـاڵی 1945 لەگـەڵ (سـارتەر، مرلۆپۆنتـی، ڕیمـۆن ئـارون) و ڕۆشـنبیرەكانی تـر، گۆڤـاری (باڵیچـەپ)ی بـە نـاوی «سـەردەمی نـوێ» بڵاوكـردەوە كـە سـەر بـە هیـچ باڵێـك نەبـوو، سـیمۆن دی بۆڤواریـش گوتـاری تێـدا دەنووسـی و هەڵەچنیشـی دەكـرد. ئـەو گۆڤـارە و مەسـەلەی بەڵێنـی سیاسـی ڕۆشـنبیران، مەیدانـی سـەرەكی ڕۆمانـی ماندارنەكانـی (1945) ە كـە بـۆ سـیمۆن دی بۆڤـوار بەرزتریـن خەڵاتـی ئەدەبـی فەرەنسـای، گنكـۆری بـە دیـاری هێنـا.

سـیمۆن دی بۆڤـوار لـە سـاڵی 1949، لـە دەرئەنجامـی لێكۆڵینـەوە و توێژینەوەكانـی خـۆی لـە دو بەرگـدا بـە نـاوی (ڕەگـەزی دووەم) بڵاوكـردەوە، كـە پووختەكـەی لـە سـاڵی 1948 لـە «سـەردەمی نـوێ»دا بڵاوكرابـووەوە. هـەر چەندێـش بڵاوكردنـەوەی ئـەو كتێبـە خـۆی بـە فێمینیسـت نەدەزانـی، پاشـان تـا كۆتایـی تەمەنـی بـە كەسـایەتییەكی بـە ناوبانگـی فێمێنیسـتەكان مایـەوە. سـیمۆن دی بۆڤـوار لـەم كتێبـەدا لێكیدەداتـەوە كـە ژنـەكان، بـە ژن لـە دایـك نابـن، بەڵكـو لـە لایـەن پیـاوان و دنیـای پیاوانـە، كـە خەرمانەیەكـی درۆزنـی ئاڵـۆز لـە دەوریـان وەردەپێچـن، ژن «درووسـت» دەبـن و لـەم پلەبەندییـەی پیاوانـەدا لـە خەرمانەیەكـی ئاڵـۆزدا بـۆ ئـەوی دیكـە دەگۆڕێـن.

سـیمۆن دی بۆڤـار لـەو فەیلەسـوفانەیە كـە لـە سـەردەمی ژیانـدا بـە ناوبانـگ بـوون. ناوبانگییەكـەی بـە هـۆی بەرهەمەكانـی خۆیـی و پەیوەنـدی بوونییەتـی بـە سـارتەرەوە. سـیمۆن دی بۆڤـوار دەڵێـت:



(زۆربەی بیروباوەڕەکان هی خۆمە و جیان لە بیروباوەڕی سارتەر و بێ ویژدانییە کە تەنیا بە پەیڕەوی کەری قوتابخانەی فەلسەفی سارتەریان بزانن).

سارتەر کتێبی (بوون و نەبوونی) لە ژێر کاریگەری سیمۆن دی بۆڤواردا نووسیوە و لێکۆڵەرەوان دوای مردنی هەردوکییان، زۆر ئاماژەیان لە بەرهەمەکانی سارتەردا دۆزییەوە کە توانای هزری سیمۆن دی بۆڤوار نیشان دەدات.

سارتەر لە ساڵی 1980 مرد.

لە ساڵی 1981، سیمۆن دی بۆڤوار بە یادی هاوڕێ و دۆستی ژیانی، کتێبی ماڵاوایی لە سارتەری نووسی.لە 14ی نیسانی 1984 سیمۆن دی بۆڤوار بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سییەکان مرد و لە گۆڕستانی مۆن پرێنس، لە تەنیشت سارتەر بە خاکسپێردرا.

سیمۆن دی بۆڤوار بۆ چاوپێکەوتن بە چەندینجار ناردنی نامە و چەند جار قسەکردن، پاشان توانیم ڕازی بکەم ودواتریش مەرجی داناکە دیدارەکە (زۆر دووردرێژ نەبێت.)

چاوپێکەوتنەکە لە ژوورێکی گەورە و هەتاوگر لە ستۆدیۆی (دیۆی میسی دی بۆڤوار) لە شەقامی (شیلشەر مۆن ترێنس) ئەنجام درا، کە هەم ژووری دانیشتنە و هەم وەك ژووری خوێندنەوەیە. لێرەوە تا تەلاری سارتەر پێنج خولەك ڕێیەبەپێ. دۆلابی کتێبەکان لەو پەڕی سەرسامی، بە کتێبی کەڵەکە بوو ئاخنراوە. دەڵێت: (گرنگترین کتێبەکان لای هاوڕێکانمە کە نەیان هێناوەتەوە.) سەر مێزەکە پڕە لە شتی ڕەنگاوڕەنگ کە لە سەفەری جیاجیا هێناویەتی و تاکە کاری گرانبەها لە ژوورەکەدا چرایەك بوو کە ڕەففەیەکی جوانی بۆ دروستکردبوو. قاوانی گرامافۆنەکە لە ژوورەکە دا پەرتوبڵاو بوون، کە لەو کۆمەڵە ڕازێنەرەوانە بوون خاتو دی بۆڤوار بە ڕەوای خۆی دەزانی. سەرەڕای ڕووخساری کلاسیکی، سوور و سپی، توورت، دوو چاوی شینی زووڵاڵی تابڵێی جوان و گەشی سیمۆن دی بۆڤوار، مرۆڤ دەخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. مرۆڤ پێیوایە هەموو شتێك دەزانێت و دەبینێت، کە کەمێك دەبێتە هۆی شەرم کردن. قسەکردنی هەشتاو، ڕەفتاری بێ پێچ و پەناو نا تووندوتیژ و کەم و زۆر ڕوو بە پێکەنین و هاوڕێیانە بوو.

**+ لەو حەوت ساڵەی ڕابردودا، خەریکی نووسینی یادەوەرییەکانت بووی. هەموو جارێك لە کتێبەکانتدا بیر لە کار و خوێندنی خۆت دەکەیتەوە. کاریگەری کتێبەکانت بە سەر منەوە ئەوەیە کە کاتێك باوەڕی ئایینیتان نەما، دەستت بە نووسین کرد.**

**دی بۆڤوار:** کورتوکرمانج فێڵبازی، شرۆڤەکردنی ڕابردوی کەسێك ئاسان نییە. ئارەزووم بۆ نووسین پەیوەندی بە پێشتریانەوە هەیە. بە هەشت ساڵی چیرۆکم دەنووسی، بەڵام دەی زۆربەی منداڵان دەنووسن. ئەوە بەڵگەی توانای نووسین نییە. ڕەنگە بکرێت بگوترێت وەك باوەڕی ئایینیم نەما، پێشوازیم لە ئارەزووی نووسین کرد. سەرباری کتێب گەلێکم دەخوێندەوە کە لە ناخەوە ڕایان دەچڵەکاندم، وەك ئاشەکەی قەراخ ڕووباری فلۆس، زۆر حەزم لێی بوو، وەك جۆرج ئەلیۆت بم، کەسێك بم کە کتێبەکانی دەخوێننەوە، کەسێك کتێبەکانی خوێنەر دەهەژێنێت.

**+ ئەدەبی ئینگلیزی کاری تێکردی؟**

**دی بۆڤوار:** لە منداڵییەوە حەزم لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی بوو، کۆمەڵەی ئەدەبی منداڵان لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر زیاترە لە زمانی

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

فەرەنسی. من عاشقی ئەلیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەکان، پیتەر پان و تەنانەت ڕۆزامۆند لیمن بووم.

**+ وەڵامی پەرچەکردار(چەوت)؟**

**دی بۆڤوار:** بەڵێ، من عاشقی ئەو کتێبە بووم، لە کاتێکدا کە تائاستێك ئاشکرایە. کچێکی لە نەوەی من کتێبێکی وەها دەپەرستێت. هەر کچە و خۆی لە (جوامێری)دا دەبینی. تارادەیەك کتێبەکە ئاگایانە و تەنانەت تا ئاستێك زیرەکانەیە، بەڵام بۆ خۆم، خۆزگەم دەخواست بۆ ژیانی زانکۆی بەریتانیا. لە گەڵ خێزانەکەم دا دەژیام، ژووری تایبەتیم نەبوو. لە واقیعدا حەشتەبای خوام نەبوو. کەوایە بەم بارودۆخە ناکرێت بڵێی بژاردەم نەبوو. ژیانی تایبەتی لەو کتێبەدا ڕێپێدراو بوو کە پێم وایە بە شکۆ دیار بوو. نووسەر تەواوی خەیاڵکردنەوەی کیژۆڵانی هەرزەکاری دەناسی: کوڕیژگەیەکی جوانی ڕواڵەت گوماناوی و لەم جۆرە، دیارە پاشان برونتە و ڤێرجینیا وۆڵفم خوێندەوە: ئۆرلاندۆ، خاتون دالوی، شەپۆلەکانم زۆر پێخۆش نین، بەڵام بەردەوام لە لایەنگرانی کتێبەکانی (ئەلیزابێت بارت برانینگ)م.

**+ ئەدی یادەوەری ڕۆژانەت؟**

**دی بۆڤوار:** نا زۆر حەزم لێ نییە. زۆر ئەدەبی نووسراوە. سەرنجڕاکێشە، بەڵام بە لامەوە نامۆیە. وۆڵف زۆر نیگەرانی چاپکردنی کتێبەکانی و قسەی خەڵك بوو. من ژووریکیانم زۆر پێخۆش بوو. لەم کتێبەدا باسی پێگەی ژنان دەکات. کورتە وتاریکە، بەڵام نیشانەکەی پێکاوە. زۆر باش شیدەکاتەوە کە بۆچی ژنان ناتوانن بنووسن. ڤێرجینیا وۆڵف لە هەموو نووسەرانی ژن زیاتر، سەرنجم پەلکێش دەکات. تائێستا وێنەکانیت بینیوە، ڕووخساری بە شێوازێکی سەیر



دی بۆڤوار

تەنیا ... بە ڕای من وۆڵف لە ڕوویەکەوە زیاتر هەوڵدەدات کاغەز کۆبکاتەوە بۆ کتێب. بە گشتی بۆ کۆکردنەوەی کاغەز زۆر گرفتاری بابەتی بچوکی عاشقانە، ماڵداری، شوشتن و ئاژەڵەکانیەتی. بابەتی ڤێرجینیا وۆڵف زۆر فراوانە.

**+ کتێبە وەرگێڕدراوەکانیت خوێندۆتەوە؟**

**دی بۆڤوار**: نا، بە ئینگلیزی. ئینگلیزییەکەم بۆ خوێندنەوە باشترە لە قسەکردن.

**+ بۆچوونتان دەربارەی خوێندنی کۆلێژ و ئەکادیمی بۆ نووسەرێك چییە؟ تۆ خوێندکارێکی زیرەکی سۆربۆن بوویت و هەموو چاوەڕوانی کاری نائاسایی لە واتە گوتنەوە دابهێنیت؟**

**دی بۆڤوار**: خوێندنی من، زانیاری ڕواڵەتی پێداوم لە فەلسەفە، بەڵام ئارەزوومی پەلکێش کردە فەلسەفەوە. مامۆستایی سوودێکی زۆری بۆم هەبوو. واتا کاتێکی زۆرم بۆ خوێندنەوە، نووسین و دەرس خوێندن تەرخان کرد. ئەوکاتە مامۆستاکان بەرنامەی زۆر قووڕسییان نەبوو. خوێندن، پێگەمی بە هێز کردبوو، چونکە بۆ قبوڵکردن لە تاقیکردنەوە دەبێت بوارگەلێك ئاشکرا بکەیت کە لە چوار چێوەی مادەی دەرسییدا نییە. ئەو میتۆدە ئەکادیمیانەی فێری بووم بە تایبەت بۆنووسینی ڕەگەزی دووەم سوودم لێوەرگرت و لە تێکڕای توێژینەوەکەمدا سوودی هەبوو. واتە ئەگەر خێرا چاوێك بە کتێبەکاندا بگێڕی و کورتی بکەیتەوە.

**+مامۆستایەکی باش بوویت؟**

**دی بۆڤوار**: باوەڕناکەم، چونکە تەنیا خوێندکارە زیرەکەکانم خۆشدەویست و گوێم بە ئەوانی دیکە نەدەدا، لە کاتێکدا کە مامۆستای باش دەبێت پەیوەندی بە هەموو خوێندکارانەوە هەبێت، بەڵام لە وانە گوتنەوەی فەلسەفەدا بێ سوودە. هەمیشە چوار پێنج خوێندکار بەشداری باسەکە دەکەن و ئەوانی دیکە هەرگیز بە لایەنەوە جیاوازی ناکات، منیش زۆر خۆم پێوە ماند و نە دەکردن.

**+ ئێوە تا تەمەنی سیوپێنج ساڵی، دە ساڵ بوو دەتنووسی بێئەوەی بڵاوبکەیتەوە. نائومێد نەدەبووی؟**

**دی بۆڤوار**: نا، چونکە سەردەمی ئێمە، لە تەمەنی گەنجی بڵاوکردنەوەی شت ئاسایی نەبوو. دیارە یەك دوو کەس هەبوون، وەك (رادیگە) بلیمەت بوو. خودی سارتەر تا تەمەنی سی و پێنج ساڵی کە ئێلنج و دیواری بڵاوکردەوە، هیچی بڵاونەکردبووەوە. کاتێك ئارادەیەك یەکەم کتێبی شایانی بڵاوکردنەوەم ڕەتکرایەوە، کەمێك نائومێد بووم، بەڵام کە یەکەم گێڕانەوەی ئەو هات کە هێنێتەوە ڕەتکرایەوە، هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو. پاشان بیرم کردەوە پێویست ناکات پەلە بکەم. زۆر نووسەر هەبوون کە درەنگ دەستییان پێکرد. هەموو بەردەوام ناوی ستانداڵ دێنن کە تا چل و پێنج ساڵی دەستییان بە نووسین نەکرد.

**+ ڕۆمانە سەرەتاییەکانت لە ژێر کاریگەری نووسەرە ئەمەریکییەکاندا دەنووسی؟**

لە ئەو هات کە هێنێتەوە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری هەمنگوەی دابووم، چونکە هەمنگوەی فێری سادەیی دەمەتەقێ و بایەخی شتی وردیلەی ژیانی کردم.

**+ نەخشەیەکی ورد بۆ نووسینی ڕۆمان دەکێشیت؟**

**دی بۆڤوار**: نا، بۆخۆت باشتر دەزانی. بە دە ساڵ نووسینی ڕۆمانێك و هەر ئەو ماوەیەش کارکردن لەسەر یادەوەرییەکان، ناگونجێت.

دەزگای ئایدیا بۆ فكرو لێكۆڵینەوە دەریدەكات



بۆ نموونە كاتێك ماندارنەكانم نووسی، كەسایەتیی و كەش و هەوای بوارەكەیم ڕەخساند و وردە وردە نەخشەكە فۆرمی گرت، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی، زۆر پێشتر دەست بە نووسینی چیرۆكەكە دەكەم، كە نەخشەكە سەركەوتوو بێت.

**+ خەڵك دەڵێن زۆر بە دیسپلینی و تەنانەت ڕۆژێكیش بە بێ كاركردن بە ڕێ ناكەیت. چ سەعاتێك دەست بە كارەكانت دەكەییت؟**

**دی بۆڤوار:** من هەمیشە پەلەمە، چت لێوەشێرم حەزم لە دەستپێكی ڕۆژ نییە. سەرەتا چا دەخۆمەوە و پاشان نزیكەی سەعات 9 دەست پێدەكەم، تا سەعات یەك. پاشان هاوڕێكانم دەبینم و سەعات پێنج دەگەڕێمەوە سەر كارەكەم تاسەعات نۆ. حەزم لە كاركردنی پاش نیوەڕۆیانیشە. كە تۆ بڕۆیت، ڕۆژنامەكان دەخوێنمەوە و ڕەنگە بچمە بازاڕ. زۆر كات كار كردن تام و چێژی خۆی هەیە.

**+ كەی سارتەر دەبینیت؟**

**دی بۆڤوار:** شەوانە و هەندێكجار نیوەڕۆیان. زۆرجار دوانیوەڕۆیان لە ماڵی سارتەر كاردەكەم.

**+ بە لاتانەوە زەحمەت نییە لەم تەلارەوە بچیت بۆ ئەو تەلار؟**

**دی بۆڤوار:** نا، خۆ كتێبی ئەكادیمی نانووسم، هەموو كاغەزەكانم پێیە و دەشێت لەوێش باش كار بكەیت.

**+ یەكسەر هەموو هەستت كۆدەكەیتەوە؟**

زیاتر پەیوەندی بەو شتەوە هەیە كە دەینووسم. ئەگەر كارەكە بە باشی بەرەوپێش چووبێت، چارەگێك، یان نیو سەعات نووسینەكانی ڕۆژی پێشتر دەخوێنمەوە و چەند جار هەڵەچنیان دەكەم. پاشان هەر لە وێ درێژەی پێدەدەم. دەبێت بۆ دەستپێكردنەوە نووسینەكانی پێشوو بخوێنمەوە.

**+ هاوڕێ نووسەرەكانیشت هەمان خویان هەیە؟**

**دی بۆڤوار:** نا، ئەو مەسەلەیە زۆر شەخسییە. بۆ نموونە ژنیە، خوی تەواو جیاوازە. شەش مانگ تەواوی دوازدە سەعات لە ڕۆژێكدا كاردەكات. پاشان كە كتێبەكە تەواو بوو، شەش مانگ داری لەسەر بەردی دانانێت. بە هەمانشێوە كە من گوتم ڕۆژانە كار دەكەم، جگە لە دوو سێ مانگ پشوو كە سەفەر دەكەم و زۆر جار لە سەفەرەكەم هەرگیز كارناكەم. بە درێژایی ساڵ زۆركەم دەخوێنمەوە. هەر بۆیە كە سەفەر دەكەم، جانتایەكی گەورەی پڕ لە كتێب لەگەڵ خۆم دەبەم ئەو كتێبانەی كاتم نییە بیانخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر سەفەرەكەم مانگێك، یان مانگ و نیوێك بێت، هەست بە ناڕەحەتی دەكەم، بە تایبەت ئەگەر لە نێوان دوو كتێب دابم. لە بێ كاریدا بێ تاقەت دەبم.



**+ ئایا نوسخەی یەكەمتان هەمیشە دەستخەتی خۆتانە؟ كەی سەرەودەرەیان دەكەی؟ (نیلسۆن ئەلگێرنۆنی نووسەری ئەمەریكی) دەڵێت، ژمارەیەكی كەم مرۆڤ دەتوانن خەتی ئێوە بخوێننەوە.**

**دی بۆڤوار:** لە تایپ نازانم، بەڵام دوو تایپیستم هەیە كە سەرەودەرەی خەتم دەكەن. كاتێك دوا پاكنوس دەكەم، كۆپی دەكەم، زۆر وریام، بە هەستم، نووسینەكانیشم دەخوێندرێنەوە.

**+ لە خوێنی ئەوانی دیكە و هەموو دەمرن، كێشەی كاتت شرۆڤەكردوە. لەم بارەیەوە كاریگەرییت لە كێ وەرگرتووە. جۆیس، یان فاكنەر؟**



دی بۆڤوار

**دی بۆڤوار:** هیچییان، کارپێکهێنەرێکی زەینی کەسییە. هەمیشە بە قوڵی لە زەمەنی ڕابردو ئاگادارم. هەمیشە هەستم بە پیری کردوە. تەنانەت لە دوازدە ساڵیدا گاڵتەم بە سی ساڵە دەهات. هەمیشە هەستم دەکرد شتێك لە دەست دەدەم. هاوکات سەبارەت بە شتێک لەسەر هەست بووم کە بە دەستم دەهێنا. لە قۆناغێکی تایبەتی ژیانمدا فێری زۆرشت بووم، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانە، بیرۆکەی تێپەڕینی کات و واقیعەتی نزیك و نزیکتربوونەوەی مردن، هەمیشە زەینی دادەگرتم. بۆ من کێشەی کات بە مردنەوە بەستراوەتەوە کە ناچارین بەردەوام لێی نزیك دەبینەوە. بابەتەکە زیاتر ترسانە لە تێکچوون، تا لە واقیعەتی بوونە ئاردی ناو دڕوانی هەموو شتێك و بە کۆتا گەیشتنی عەشق. ئەویش ترسناکە. هەرچەند خۆم کێشەیەکی تێدا نابینم. هەمیشە هاوپەیوەندییەکی نائاسایی لە ژیانمدا هەبووە. هەمیشە لە پاریس ژیاوم. تاڕادەیەك هەر لەو کۆڵانانە. پەیوەندیم بە سارتەرەوە بەردەوامییەکی دورودرێژی هەبووە. هاوڕێی زۆر کۆنم هەیە کە هێشتا سەردانم دەکەن. کەوایە بەم شێوەیە نییە کە هەمیشە هەست بە بوونە ئاردی ناو دڕوانی شتەکان بکەم، لە جێدا هەمیشە پێگەی خۆم دەناسم. دەزانم کە ساڵانێکی زۆرم تێپەڕاندوە و ساڵانێکی زۆریشم لە پێشە. ساڵان دەژمێرم چاوەکەم.

**+ لە بەشی دووەمی یادەوەرییەکانت، وێنای سارتەر دەکەیت لە کاتی نووسینی ئێڵنج. گوایە سارتەر مردووە کە بە گوتەی خۆی (قرژاڵەکان) و پەرۆشییەکانی، زەینی سەرقاڵی خۆی کردوە. بە ڕای تۆ ئەو کاتە لەو شادتر بوویت و ئێستا لە ڕۆمانەکەتاندا مردن وەك پێکهێنەرێکی زەینی نیشان دەدەی کە هەرگیز لە سارتەردا نەم بینیوە.**

**دی بۆڤوار:** بیرتە لە قسەکانت گوتت چی؟ هەرگیز هەستی بە نزیکی مردن نەکردوە. لە کاتێکدا هاوپۆلەکانی وەك نیزان نووسەری عەدەن، عەرەبی - مردن پەلکێشی کردبوون. بە دەربڕینێك، سارتەر هەستی بە نەمری دەکرد. هەموو شتێکی بە بەرهەمە هونەرییەکەی دەبەخشی بەو ئومێدەی کە بەرهەمەکەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، لە کاتێکدا تۆسقاڵێك ئاوڕێك لە نەمری بەرهەمەکانم نادەمەوە، چونکە [دوای مردن] ژیانم دەسڕێتەوە. بەردەوام هەستم لەسەر ئەوەیە کە هەموو شتە ئاساییەکانی ژیان لە ناودەچێت، چالاکی ڕۆژانە، بیروباوەڕ، ئەزموونی ڕابردوو. سارتەر وای دەزانی دەتوانێت ژیان بە داوی تەڵەیەکەوە بکات، بەڵام هەمیشە هەست دەکەم کە وشەکان خودی ژیان نین، بەڵکو وابزانم، گیان بە بەرداکردنەوەیە بە شتی مردودا.

**+ ڕێك ئەوە بابەتەکەیە. هەندێك بانگەشە دەکەن تۆ ئەو توانایەت نییە کە لە ڕۆمانەکانت پاش و پێش بە ژیان بکەیت. بە شێوەیەکی شاراوە ئاماژە بە کارئەکتەری ڕۆمانەکانت کراوە کە نوسخە گرتنەوەی دەورووبەرتن.**

**دی بۆڤوار:** ئاخر چت پێ بڵێم. ئەدی خەیاڵکردنەوە؟ مەسەلە دەستڕاگەیشتنە بە هەمەلایەنیی لە ماوەیەکی زۆر ڕەوادا، حەقیقەت دەربارەی ماهیەت، لە بابەت ژیانی واقیعی تاك. بەرهەمێك کە بنەمای واقعیەتیی نەبێت، سەرنجم پەلکێش ناکات مەگەر لە سەدا سەد زێدەڕۆ بن. وەك ڕۆمانەکانی ئەلێکساندەر دوما، یان ڤیکتۆر هۆگۆ کە بە جۆرێك حەماسەیین. من بە چیرۆکی هەڵبەستراو ناڵێم خەیاڵی، تاڕادەیەك بە فێڵبازیان دەزانم. ئەگەر بمەوێت بەرگری لە خۆم بکەم، دەتوانم شەڕ و ئاشتی تۆلستۆی بە شایەت بهێنمەوە کە هەموو کارئەکتەرەکانی لە ژیانی واقیعی وەرگرتبوو.

**+دەی دیسانەوە با باسی کارئەکتەرەکانت بکەین. چۆن ناویان بۆ هەڵدەبژێریت؟**

**دی بۆڤوار:** زۆر بە لامەوە گرنگ نییە. لە ئەو هات کە بمێنێتەوە ناوم نابوو (خاویەر)، چونکە کەسێکم بەو ناوە دەناسی. کاتێك بە دوای ناودا دەگەڕێم، سوود لە دەفتەری تەلەفۆن وەردەگرم، یان هەوڵدەدەم ناوی خوێندکارەکانی پێشترم بیربێنمەوە.

**+ کام کارئەکتەرەت لە هەموان زیاتر خۆشدەوێت؟**

**دی بۆڤوار:** چووزانم. وابزانم زۆر پەیوەندیم بە کارئەکتەرەکانەوە نەبێت، زیاتر پەیوەندیم بە ئارەزوویانەوە هەیە، چ عاشقانە بێت چ هاوڕێیانە. (کلۆد ڕوی) ڕەخنەگر ئاماژەی بەم بابەتە کردبوو.

**+ کارئەکتەری ژن لە هەموو ڕۆمانەکانتدا دەبینم کە بە بۆچوونی هەڵە، لە خشتەبراوە و خەریکە شێت دەبێت.**

**دی بۆڤوار:** زۆربەی ژنەکانی سەردەمی ئێمە وابوون. ژنان ناچارن ڕۆڵی شتێك ببینن کە نین. بۆ نموونە ڕۆڵی سۆزانییەکی دەرباری پاشا، ساختەیی کەسایەتی خۆیان. ئەو ژنانە لە ئاستانەی تێکچوونی دەماردان. زۆر هەست بە هاودەردی ئەو ژنانە دەکەم. زیاتر سەرنجم بە ئەوانەوە دەنووسێت تا بە خاتونێکی خاوەن ماڵ و دایکێکی تەواو میانڕەو. دیارە ژنی دیکەش هەیە کە بە لامەوە سەرنج ڕاکێشترن. ئەوانەی هاوڕێ و بێلایەنن، ئەوانەی کاردەکەن و دەئەفرێنن.

**+ هیچ کام لە کارئەکتەرە ژنەکانت لە خۆشەویستی نەپارێزراوە. ئیلمای ڕۆمانتیکتان بە دڵە؟**

**دی بۆڤوار:** خۆشەویستی، کامەرانییەکی گەورەیە. خۆشەویستی ڕاستەقینە زۆر کەم بابەتە و ژیانی ژن و مێردێك دەوڵەمەند دەکات کە تامیان کردبێت.



سارتەر و دیبۆڤوار

**+ ژنانێك لە ڕۆمانەكانتدا دەبینم - خەریكم بیر لە (فرانسوا) لە ئەو هات كە بمێنێتەوە و (ئان) لە ماندارنەكان دەكەمەوە - كە بە باشی تاموچێژی خۆشەویستی دەكەن.**

**دی بۆڤوار:** هۆكەی ئەوەیە سەرەڕای هەموو شتێك، ژنەكان لە خۆشەویستی زیاتر لە خۆیان وزەو توانا بە كار دەهێنن، زۆربەیان هیچی دیكەیان نییە پەلكێشیان بكات. ڕەنگە ژنان توانای دڵسۆزی قوڵتریان هەبێت كە هەڵبەتە بناغەی خۆشەویستییە. لە وانەشە بۆ ئەوەبێت خۆم بە ئاسانتر لە شوێنی ژنێك دادەنێم تا پیاوێك. كەسایەتی ژنەكانم وزە و توانایان لە كارئەكتەری پیاو زیاترە.

**+ تۆ هیچ كاتێك كەسایەتی ژنێكی سەربەخۆ و ئازادت نە ئەفراندوە، تا بە جۆرێك وێنای تێزی (ڕەگەزی دووەم) بكات.**

**دی بۆڤوار:** ژنان كتومت خۆیان نیشاندەدەم، واتە مرۆڤێك كە دووركەوتووەتەوە، نەك ئەوەی دەبێت ببێت.

**+ پاش ڕۆمانە دووروودرێژەكەی ماندارنەكان، وازت لە چیرۆكنووسی هێناو خەریكی یادەوەرییەكانت بووی. كام یەك لەم دوو فۆرمانە بە باشتر دەزانی؟**

**دی بۆڤوار:** هەردوكیانم خۆشدەوێت. هەر كامیان ئاسودەیی و ئاتۆمێدی جیاوازیان هەیە. نووسینی یادەوەری هەستێكی خۆش دەداتە مرۆڤ، چونكە ڕاستی پشتیوانییەتی، بەڵام لەم لاوە، كاتێك ڕۆژ بە ڕۆژ بە دوای ڕاستی بكەویت، وەك من، دەگەیتە ناخی تایبەتی، بە جۆرێك ترس و مانا كە مرۆڤ لە بەرچاوی ناگرێت. نووسەر دەتوانێت لە ڕۆماندا باسی ئاسۆ و سێبەرەكانی ژیانی ڕۆژانە بكات، بەڵام هەرچۆنێك بێت توخمێكی ساختەی هەیە كە هەراسانكەرە. دەبێت داهێنان بە بێ ساختە ئامانجی نووسەر بێت. لە مێژبوو حەزم لێ بوو باسی منداڵی و گەنجێتی خۆم بكەم. پەیوەندییەكی زۆر قوڵم بە منداڵی و گەنجێتیمەوە كردبوو، كەچی ئاسەواریان نەبوو لە هیچ كام لە كتێبەكانمدا، تەنانەت لە یەكەم كتێبم. ئارەزووم دەكرد دڵسۆزانە گفتوگۆ بكەم بە هەمانشێوە كە لە كتێبەكەدا هەیە. پێویستییەكی زۆر كەسی و سۆزداری بوو. پاشان لە یادەوەری كچێكی ڕازاوە دا ڕازی نەبووم (بەرگی یەكەمی یادەوەرییەكان)، دەبوو كارێكی دیكەم ئەنجام دەدا، بەڵام نەمتوانی و بە خۆمم گوت: (بۆ ئازادی بجەنگێ) چیم بە ئازادیم كرد، چی بە سەر هات؟ بە دوایدا نووسیم كە لە تەمەنی 21 ساڵییەوە تائێستا لەگەڵ خۆیان بردم. لە (تەمەنی كامڵ) (بەرگی دووەمی یادەوەرییەكان) تا (زۆرەملێ) (بەرگی سێیەمی یادەوەرییەكان).

**+ هەندێك لە خوێنەر و ڕەخنەگران هەست دەكەن ئێوە دڵخۆشكەرانە باسی پیری ناكەن.**

**دی بۆڤوار:** زۆر لەو شتانەیان پێخۆش نەبوو من گوتبوومن، حەزدەكەن باوەڕ بكەن كە تەواوی قۆناغەكانی ژیان سەرخۆشانەیە و

منداڵان بێ تاوانن، هەموو نۆبووك و تازە زاواکان بەختەوەرن، تەواوی پیرەکان هێمنن. لە تەواوی ژیانمدا سەرکێشیم لە بەرامبەر ئەوجۆرە داوایانە کردوە، گومانی تێدا نییە کە ئەم کاتە، بۆ من پیری نییە، بەڵکو ئاماژەی پیرییە، تەنانەت گەر کەسێك تەواوی پێویستییەکانی کە دەیەوێت لە بەردەستی بێت، وەك ئەویینداری، کار، ئەم کاتە نیشانەی گۆڕانە لە بوون، گۆڕانێك کە بە لە دەستدانی زۆربەی شتەکان خۆی نیشان دەدات. ئەگەر کەسێك بۆ لە کیس چوونی ئەو شتانە نارەحەت نەبێت، لە بەر ئەوەیە حەزی لێیان نەبووە. پێم وایە کەسانێك کە تامەزرۆیانە پیر بوون، یان مردنیان پێخۆشە، ئەوانەن کە حەزیان لە ژیان نییە. دیارە دەبێت ئەمڕۆ مرۆڤ لە فەرەنسا بڵێت هەمو شتێك جوانە، هەمو شتێك ئیسک سووکە وەک مردن.

**+ بێکێت بە قوڵی هەستی دەکرد کڵاو نەکراوەتە سەری مرۆڤ، ئایا بێکێتتان هەموو ڕۆمان نووسە نوێکان پێخۆشترە؟**

**دی بۆڤوار:** هەڵبەتە. تەواو لەگەڵ کاتی خەریك و سەرقاڵ بوون کە لە (ڕۆمانی نوێ) دەیبینین، لە کارەکانی فاکنەردا دەردەکەوێت. ئەو بوو فێری کردن چۆن گەمە بە کات بکەن و پێم وایە خۆی لە هەموان باشتر گەمەی پێ دەکات، بەڵام بێکێت بە شێوازێك تاریکی ژیان نیشاندەدات کە جوانە. لەگەڵ ئەوەشدا بێکێت قەناعەتی کردبوو، ژیان تاریکە و هەر ئەوە. منیش دووپاتی دەکەمەوە کە ژیان تاریکە، کەچی هاوکات عاشقی ژیانم، بەڵام گوایە ئەو یەقینە ماڵی بێکێتی وێران کردوە. ئەگەر تێکڕای قسەیەك ئەوەیە دەتەوێت بیکەیت، ئیدی پەنجا میتۆد بۆ گووتن نییە. من زۆر شتی دووبارە کردنەوەی پێشترم لە بەرهەمەکانی بێکێت دا بینیوە. دوا دووبارەکردنەوەی لە چاوەڕوانی گۆدۆیە، بەڵام لاوازتر.

**+ زۆربەی نووسەرە هاوچەرخەکانی فەرەنسییتان پێ خۆشە؟**

زۆرنا. زۆر دەستنووسم بۆ دەنێرن، هەمیشە خراپ، نارەحەت دەبم. لە ئێستادا ویولت لۆدۆك دەم وروژێنێت. یەکەم کتێبی کلکسیۆنی هیوای لە ساڵی 1946 بڵاوکردەوە کە کامۆ پێیدا چوبووەوە. ڕەخنەگران بردیانە کەشکەڵانی فەلەك. سارتەر، ژنیە و یوهاندۆ زۆریان خۆشدەوێت. کتێبەکانی هەر نەفرۆشرا. بەم نزیکانە تۆ بیۆگرافی ئاپۆرە و هەنگامەی زۆرت بە ناوی بیژوو نووسیوە. پێشەکی کتێبەکەی لە (سەردەمی نوێ)دا بڵاوکرایەوە کە سارتەر سەرنووسەریەتی. پێشەکییەکم بۆ نووسی، چونکە پێم وایە نووسەرێکی فەرەنسی سەر بە قۆناغی دوای شەڕە کە پێی نەزانراوە. لە ئێستادا سەرکەوتنێکی زۆری لە فەرەنسا بە دەست هێناوە.

**+ لە ناو نووسەرانی هاوچەرخ چ پلەیەك دەدەیتە خۆت؟**

وەڵڵا بڵێم چی. بەها دانان یانی چی؟ گاڵەگاڵ، بێدەنگی، نەوەی داهاتوو، ژمارەی خوێنەران، نەبوونی خوێنەر، گرنگی لە کاتێکی دیاریکراو؟ پێم وایە خەڵك تا ماوەیەك کتێبەکانم بخوێننەوە. لانیکەم خوێنەرانی کتێبەکانم کە وا دەڵێن. من کەمێك بەشداری باسکردنی گرفتی ژنانم کردوە. دەزانم، چونکە نامەم بۆدێت. بەڵام دەربارەی چۆنایەتی ئەدەبی کتێبەکانم بە چەمکی ڕەهای وشە، بیروباوەڕم لە هەمووی بێ بایەختر نەبوو.

